# خۆپیشاندانی شکۆداری پەنابەرانی کورد دژ بەسیاسەتی گەرانەوە لەهەنگاوی یەکمدا سەرکەوتووانە کۆتایی هات







کەمپینی فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا لەشاری لەندەن و نونین هام گەورەترین خۆپشاندانی پەنابەرانی بەرپاکرد لەیەکمین هەنگاوی زنجیرەی رووبەرووبوونەوە بەرامبەر بەسیاسەتی دژی ئینسانی دەولەتی بەریتانیا بەرامبەر بە پەنابەران ،کە لەم ماوەیەدا بەدەیان پەنابەری کورد لەلایەن دەزگاکانی وەزرارەتی ناخۆ لە کاتی چوون بۆ ئیمزاکردن وەیان لە هەڵمەتی شەوانەدا دەستگیرکراون و راپیچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان کراون بە هەدەفی دیپۆرت کردنەوە بۆ کوردستانی عیراق .

لەسەر راگەیاندنێکی پێشتری فدراسیۆن ،پەنابەران لەشاری لەندەن رۆژی 20-8 کات ژمیر 12 نیوەرۆ لەبەردەم بارەگای (BBC) کۆبوونەوە بەهەدەفی گەیاندنی دەنگی نارەزایەتی پەنابەران بۆ نیو ناوەندەکانی راگەیاندن و میدیاو و لەرێگەیەوە راکیشانی سرنجی گشتی و پشتیوانی خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیا لەپەنابەران کە لەچەند رۆژ لەوەو پێشترەوە کەنالی بی بی سی تەبلیغات و رووکاری ناراستی سیاسەتەکانی وەزرارەتی ناخۆی لەگرتنی پەنابەران و دیمەنی کوردستانی نیشان ئەدا کە ئەمنەو و قسەکەرانی دەولەتی هینابۆیە پێش شاشەکانیان بانگەشەیان بۆ دەکرد ، بەپێچەوانەوە فدراسیۆن بۆ خستنە رووی راستی یەکان ودژ بەو پێشلکاریانەی کەدورە لەهەر پرانسیپێکی نیو دەولەتی و مافی مرۆڤ ،دەولەتی بەریتانیا گەرەکیتی پەیرەوی لیٚ بکات کۆبوونەوە بەدرۆشمی (نا بۆگەرانەوە ،کوردستان نائەمنە ،ئێمە نامەنەویٚ بگەرینەوە بۆ نائەمنترین شۆینی جیهان ،بی بی سی هەواڵی راستی یەکانی نائەمن بوونی کوردستان بلاوبکەنەوە، مافی پەنابەری مافی ئینسانە )لەگەڵ چەندین لافیتەوە و پلاکارتی رازاوە ،کە شەقامەکانی پر کرد بوو لەدەنگی نارەزایەتی پەنابەران لەپێناو بەشکست کیشانی سیاسی دیپۆرت کردنەوە.

شایەنی باسە پەیتا پەیتا پەنابەرانی کورد لەشارە جۆراجۆرەکانی بەریتانیاوە ریزەکانی یەکگرتووی خۆیانیان هینابۆیە مەیدان و رێگای دوریان بریبوو بۆ پەیوەست بووە بەو خۆپشاندانە نارەزایەتیانەی فدراسیۆنەوە، سەرەتا (دەشتی جەمال )بەخیرهاتنی ئامادەبووانی کردو لەسەر لایەنە تاڵەکانی دیپۆرت کردنەوە و ئاکامە زیان بارەکانی و چوونیتی رووبەرووبوونەوە بەرامبەر بە سیاسەتی گەرانەوە و ئەوزاعی سیاسی عیراق و کوردستان قسەو باسی بۆ ئامادەبوان کرد و ئەو چالاکیانەی کەلەو پێناوەدا دەبریتە پێشەوە و بۆ ئایندەیەکی ئینسانی بۆ پەنابەران خستە روو وە لەسەر چالاکیکانی داهاتوو لەهینانی پشتیوانی ئەندام پەرلەمان و رێکخراوە ئینسانی و پەنابەریەکانی راگەیاند،هاوکات (جین لامبیرت)لەحزبی سەوزی بەریتانیا و ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا کە لەو خۆپشاندانەدا ئامادەبوو ،ئەو پەری پشتیوانی خۆی راگەیاند لەخواستەکانی پەنابەرانی کوردو عیراقی و ئاماژەی بەوەدا کە لەدەورەی پێشتر دا لەدژ داگیرکاری

و شەر بوون لەعێراقدا و نائەمن بوونی عێراق و کوردستانیان ڕاگەیاند و بەڵێنیان دا پشتیوان بن لەپاڵ فدراسیۆن بۆ سەرخستنی چالاکیکانی دژ بەدیپۆرت کردنەوەو بەدی هێنانی خواستەکانی پەنابەران .
شایەنی باسە هەمان ڕۆژ خۆپیشاندەران ڕوویان کردە بارەگای گەورەی (BBC) ی سەرتاسەری هەر لەوی دوای قسەو باسی بەرپرسی فدراسیۆن لەگەڵ کارمەندان ناچار بوون لەخۆپیشاندەران راپۆرت ئامادەبکەن و بەڵێنیان دا هەواڵەکانی بلاو بکەنەوە،پاشان هەر لەوێ بڕیاردرا ،هەنگاوی دووەم ڕۆژی هەینی(26–8) کاتژمێر 12 نیوەڕۆ خۆشاندانی گەورە ببریتە بەردەم وەزارەتی ناخۆی بەریتانیا (هۆم ئۆفیس ) بۆ خستنە رووی ئەم خواستانە:

- ***سیاسەتی دیپورت کردنی پەنابەرانی عیراقی ،دەبێ دەست بەجێ ڕاگیرێ، و دەبی پەنابەرانی عیراقی ماف ئەوەیان پێ بدرێ دیفاع لەخۆیان وەکەیسەکانیان بکەن***
- ***ئازاد کردنی دەست بەجی ئەو پەنابەرە عیراقیانەی لەگرتووخانەی دەست بەسەردا ڕاگیراون.***
- ***دانی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی کورد و عیراقی بەعنوانی قوربانیانی شەرو نائەمنی لەعیراقدا ،***
- ***هەرجۆرە هێرش وەڵێسەندنەوەی خزمەت گوزاریەکان لەوانە(خانووبەرە وەحقوقی سوسیال وەمافی کارکردن ) لەپەنابەران دەبێ ڕاگیری وپەنابەرانی عیراقی ئەو مافانەیان دەبێ پاریزراوبیت.***

***هەمان ڕۆژ فدراسیۆنی*** پەنابەرانی عیراقی لەشاری نوتین هام لەگەڵ چەند ڕێکخراوی پەنابەری و ئینسانی لەو شارەدا هاوشان بەخۆپیشاندانی لەندەن گەورەترین خۆپیشاندایان لەناوەراستی ئەو شارەدا ئەنجام دا بۆ بەرگری لەپەنابەری کورد و دژ بەسیاسەتی دەستگیرو دیپۆرت کردنەوەی پەنابەران و کە دەیان پەنابەرانی کورد لەم خۆپیشاندانەدا بەشداریان کرد.
جاسم غفور بەرپرسی فدراسۆن لەو شارەدا قسەو باسی کرد سەرباری پێ داگری لەبەردەوامی ئەم کەمپینە، لەسەر ئەوزاعی عیراق و کوردستان و ادعای ئەمن بوونی کوردستانی بە درۆ خستەوە و لەسەر کاری پێکەوەی و هاوکاری و هاوپشتی و ڕێکخراو بوونی پەنابەران تاکیدی کرد و هەمان ڕۆژ کەناڵی تەلەفزیوونی بی بی سی میدلانس بە جاسم غفور چاوپێکەوتنی کرد لەسەر خواستەکانی ئەو خۆپیشاندانەوە وهەواڵەکەی هەمان ڕۆژ بلاو کرایەوە.
شایەنی باسە لەم خۆپیشاندانە نارەزایەتیانە 600 ئیمزا بۆ بەرگری لەپەنابەرانی کوردو و پشتیوانی لەبەدەست هێنانی مافی پەنابەری و دژ بەسیاسەتی دیپۆرت کردنەوە کۆکرایەوە.
پەنابەران ،خەڵکی ئازادی خواز!
نابێ ڕێگە بدرێ بە ئاسانی مافەکانمان زەوت بکرێ و بخریتە نیو زەلکاوی سیساسەتەکانی دەولەتی بەریتانیاوە ،بەهەموو تواناوە پێویستە بەرپێبگیرێ ،خەڵکی ئازادی خوازی بەریتانیاو ڕێکخراوە ئینسانی و دیفاع لەمافەکانی پەنابەران لایەنێکی تری ئەو هیزەن کە دەتوانن لەگەڵمان بن و پشتیوان بن.
دەولەتی بەریتانیا دەیەویت تۆلەی ئیسلامی سیاسی وتەقانەوە وکوشتارو کردەو نائینسانی یەکانیان لە ئێمە بکاتەوە کە خۆمان قوربانی و باجی هەمە ڕۆژەی دەکێشین لەعیراق و کوردستاندا ، سیاسەتی جیاکاری و ڕاسیستی دەولەتی بەریتانیا پێویستە ریسوا بکرێ ، هیزی یەکگرتووی ئەمرۆی ئێوە گەورەترین زەنگی یەك خستنی خەباتمانە دژ بەسیاسەتی دیپۆرت کردنەوەو داسەپاندنی مافی پەنابەری ،کۆرکۆبوونەوەکانتان گەرم ڕاگرن ڕۆژی هەینی ڕۆژێکی ترە بۆ داکوتانی پەیامی نارەزایەتیمان بەگوێ دەولەتەکەی توونی بلیر بەهەموو توانەوە بەشداری خۆپیشاندانی 26–8 بکەن لە لەندەن ،،ڕێکخرابوون و یەکگرتن وکۆبوونەوە لەدەوری فدراسیۆن مەرجی سەرکەوتنمانە.

**فدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی لەبەریتانیا**

2005-8-21